سۆران عەبدوڵڵا نەقشبەندی
soranmail@photo.net

5

# دیوەکانی دۆزینەوەی کادر لە هونەری فۆتۆگرافیدا

لەژمارە 4ی ئەم زنجیرە نوسینەداو لەگۆشەی فۆتۆسکۆپەوە، وابڕیار بوو بێینە سەر باسی چۆنیەتی گرتنی فۆتۆیەکی هونەریی، بەرهەدوو واتا (تەکنیکیو ستاتیکی)، فۆتۆیەك کە لانی کەم ناوی (فۆتۆگرافی) لەخۆبگرێت. کە ئەمەش دەکاتە شێوەکاری بەروناکی، بەو واتایەی هونەری فۆتۆگرافی سەرەکیترین رەگەزی دەبێتە روناکی، چەندێتی روناکی، چۆنیەتی روناکی، ئاستی روناکی، جۆری روناکی، دابەشکردنی روناکی، کە ئەمەیان لەکاتێکدا دەکرێت، ئەو کەسە لەئاستێکی پرۆفیشناڵدا کاربکات.

سەرەتاییترینو سەرەکیترین بنەما بۆ فێربوونی گرتنی فۆتۆیەکی هونەری، بەبڕوای زۆرێك لەفۆتۆگرافەرە جیهانیەکان، لەگرتنی (پۆترەیت)ەوە دەست پێدەکات. بۆیە پێویستە سەرەتای دەستکردن بەکاری فۆتۆگرافی، بیر لەوە بکەیتەوە شتێکت هەبێ کاری لەسەر بکەی، واتە (Prociger) پرەنسیپو پرۆسیجەرێك هەبێت کە وات لێبکات پابەندبیت بەو بنەما تەکنیکیو ستاتیکیانەی کە هونەری فۆتۆگرافی داوات لێدەکات. بۆیە هەوڵ دەدەین دەربارەی پۆترەیت هەندێ وردەکاری بڵێین، بەڵام رەنگە باشتر وابێت کە بەر لەهەموو ئەوانە باس لەکادر بکەین لەفۆتۆگرافیدا.


وێنەی 1

کادرو کادربەندی، بەبنەماییترین هەنگاو لەفۆتۆگرافی دەستنیشانکراوە، بەر لەوەی پێویستت بەروناکیش هەبێت بۆ بابەت یان سەبجێکتەکەت، پێویستە فۆتۆگرافەر تێبگات لەکادرو شێوازەکانیو رێگاکانی کادربەندیەکی هونەریی سەرکەوتوو.



وێنەی 3

یەکەمین شت بینەری فۆتۆ روبەرووی دەبێتەوە لەکاتی تەماشاکردنی فۆتۆگرافیەکدا، کادربەندی ئەو فۆتۆیە دەبێت، شێوازی دابەشبوونی بابەتەکانی نێو فۆتۆیەك، واتە کادربەندی بابەتەکان لەفۆتۆیەکدا. تاکو ئێستا سێ شێوازی باوی فۆتۆگراف کاری پێدەکرێت وەك بنەمای کادربەندی، ئەمانەی لای خوارەوەن:

1. کادری لاکێشەی ئاسۆیی... ئەم کادرە پێکهاتەکانی ناوی پێویستە لەسەر هێڵێکی ئاسۆیی دابەشکرابن و ئەوکات جوڵەکانیشیان ئاسۆیی دەبێت. (وێنەی (1))

2. کادری لاکێشەی ستوونی... ئەم جۆرەی کادرە بابەتەکان تێیدا لەسەر باری ستوونی دابەشکراون و جوڵەی شتەکانیش تێیدا ستوونی واتە سەرو خوار دەبێت، ئەم جۆرە لەکادر دەتوانێت بەهۆی کۆبوونەوەی شتەکان لەخاڵێکی کەم ماوەدا، زۆرترین قووڵایی تێدا نیشان بدرێت. (وێنەی (2))


3. کادری چوار گۆشە: گەر خاڵی دەستپێك ناوەندی چوارگۆشەکە بێت، ئەوا جوڵەو دابەشبوون تێیدا ئازادانەترەو بەهەر چوار لادا گونجاو دەبێت. بەم پێیەش بینەر یەکەمینجار سەرنجی بۆ شێوە چوارگۆشەییەکە رادەکێشرێت.

بۆ ئەوەی گۆشەنیگای دیدی فۆتۆگرافەر رابێت لەسەر دیدی هونەری، کە دەبێتە یەکێك لەپێویستیەکانی دوای زانیاری لەسەر کادر، ئەویش گۆشەنیگای دۆزینەوەی کادرە. دەکرێت بەسێ ئاستەوە: (وێنەی (3))

1. گۆشەنیگای روبەروو: واتە کاتێك کامێرەکە روبەروو یان رێکی ئاستی کادرو بابەتی کادر وەستابێت، بەم جۆرەش بابەتەکە سادەو ئاسایی دەردەکەوێت وەك خۆی کە هەیە.

2. گۆشەنیگای بەرەوخوار: واتە کاتێك کامێراکەت لەسەرو ئاستی بینینەوە گرتبێت و بابەت لەخوار ئاستی چاوەکان بێت، بەم جۆرەش بابەتی نێو فۆتۆکەت زەبەلاح و گەورە دەردەکەوێت.

3. گۆشەنیگای بەرەوسەر: واتە کاتێك کامێراکەت لەخوار ئاستی دیدەوە تەماشای بابەتی کادرەکەتی پێ دەکەیت، بەم جۆرەش بابەتەکە بچوکترو وردتر دەردەکەوێت.



وێنەی 2

**★بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە لە ژمارەی رابردوودا بە پێویستمانزانی فۆتۆسکۆپ دووبارە بڵاوبکەینەوە.**